کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-6-2007 16:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ساتێک بۆ پێکەنین یان ساتێک بۆ کوشتنی ئەحساسی گۆرانیبێژ ... کارزان گلی

من ئەوەندە بینەرێکی بەردەوامی تەلەفزیۆن نیم، لێ هەندێك جار نەبێت گوزەرێك بەناو کەناڵە ئاسمانییەکاندا دەکەم، بەتایبەت ئەو بەرنامانەی کە خۆم مەبەستمە ئاگاداری بم. کە دەڵێم بینەری تەلەفزیۆن نیم بەو مەبەستەم نییە کەناڵە ئاسمانییەکانی خۆمان شایەنی سەیر کردن نین، نەخێر بەڵکو خۆم وام، هاوڕێیەتیم لەگەڵ تەلەفزیۆندا زۆر لاوازە.



کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس بەیەکێك لە کەناڵە سەرکەوتووەکان دادەنێم، نەخاسمە ئەو بەرنامە و گۆرانییانەی لە خزمەتی گەنجاندایە و گەنجان دتوانن پەیامەکانیان لە ڕێگای ئەو کەناڵەوە بنێرن، بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی (ICSP) ی ئەمریکی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس بە باشترین کەناڵ ناوزەد کرا، ئەمەی کە باسی دەکەم ڕێکلامکردن نییە بۆ ئەو کەناڵە، ڕەنگە بە هەزاران گەنجی ئەم وڵاتە بینەری ئەو کەناڵە نەبن، داواکارم هیچ کەسێك ئەم نووسینەم بەشێوەیەکیتر لێکنەداتەوە، چونکە کەناڵە ئاسمانییەکانی تریش لە ڕێگای کارەکەیانەوە خزمەتیان بە هاووڵاتیان کردووە، من دەست خۆشی لە هەموو کارمەندان دەکەم هیوادارم لە خزمەت کردن بەردەوام بن.

بەرنامەی (ساتێك بۆ پێکەنین) یەکێکە لە لاوازترین بەرنامەکانی زاگرۆس tv لە هەست برینداركردنی گۆرانیبێژ زیاتر هیچیتر نییە. بەختیار کە خۆی بەکەسێکی کۆمیدیا دادەنێت و بەکەیفی خۆی گەمە بە ئەحساسی ئەو گۆرانبێژەی مەبەستێتی دەیکات، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی کەسایەتی ئەو گۆرانیبێژە بکات، تەنانەت ئەوانەی لە ژیانیشدا نەماون. بەڵام بەختیار بەر لەوەی لاسایی هەر گۆرانی بێژێك بکاتەوە دەڵێت (ئەگەر زۆر خۆشم نەوێت لاسایی ناکەمەوە)، ڕاستییەکەشی دەبوایە بڵێت (ئەگەر زۆر ڕقم لەو گۆرانیبێژە نەبێت بەو شێوەیە هەستی بریندار ناکەم)، چونکە زۆر بەئاشکرا بۆ ئەوەی بڵێن بەرنامەکەی بزە دەخاتە سەر لێوی خەڵکی، کە ڕەنگە واش بێت خەڵکێکی زۆریش بەدیارییەوە پێبکەنن، بەڵام بەداخەوە تەنها بۆ ئەوەی بەرنامەکەی پێکەنینی تێدا بێت گۆرانیبێژی کردۆتە قوربانی. من نازانم چۆن کەناڵێکی ئاسمانی وەکو زاگرۆس tv خاوەن جەماوەرێکی بەرچاو، ڕێگە دەدەن کەسێك نە شێوەی نە قسە حەلەق و بەلەقەکانی و نە دەنگە زەقەکەشی لە کەسێکی کۆمیدی ناکات.
من بۆ خۆم بۆ یەکجاریش بەدیار ئەو بەرنامەیە پێنەکەنیوم تەنها بێزاری کردوم، هەندێك جاریش بەختیار وشەی زۆر هەست بریندار بەکار دەهێنێت کەوا کەسێکی سەر شەقامیش پێی شەرمە ئەو وشانە بەکار بهێنێت، کەچی ئەو لە ڕێگای بەجەماوەرترین کەناڵ ئەو پەیامەی خۆی دەگەیەنێت، بۆ نموونە لە شوێنێکیدا دەڵێت: (ویستم سواری تەحسینی بم، ببورن ویستم سواری تەکسی بم)، ئەمەش خۆی لەخۆیدا تەشهیرکردنە بەهەموو تەحسین ناوێك. کەسێك لاسایی کەسێکی تر دەکاتەوە، کەوا لەو بچێت جا چ لە ڕووی شێوە بێت یاخود دەنگ یاخود جولە، بەڵام بەختیار بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت لاسایی گۆرانیبێژەکان بکاتەوە نە بەدەنگ نە بەشێوە نە بە جوولەش، بۆ نموونە لە بەرنامەکەیدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لاسایی (محەمەد ئەحمەد ئەربیلی) کردەووە، بایی یەك دنیاش ئەو هونەرمەندە بە ئەزموونەی کردە گاڵتەجاری ئامادەبوانی بەرنامە و ئەوانەشی لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە سەیریان دەکرد، لاسایی هونەرمەندی کۆچکردوو (محەمەدی ماملێی) کردووە بەهیچ شێوەیەك لاسایی نەبوو، تەنها بوختانێکی پێکرد، بەوەی ئەگەر کتابەکەی لەدەست نەبێت گۆرانی پێناوترێت، بۆیە زۆرجار گۆرانییەکان تێکەڵ و پێکەڵی دەکات و چەندان گۆرانیبێژی تریش کە پێویست ناکات ناوەکانیان ڕیزبەند بکەم. هەموو مرۆڤێك ئەگەر لە توانایدا هەبوو لاسایی کەسێکی تر بکاتەوە ئاساییە بە ئاگاداری کەسی ئامادە نەبوو لاسایی بکاتەوە، بەختیاریش بۆی هەیە لاسایی گۆرانیبێژەکان بکاتەوە، بەڵام بەمەرجێك دەنگی لەو گۆرانیبێژە بکات، کە مەبەستێتی لاسایی بکاتەوە و بەهیچ شێوەیەکیش تەشهیر بەو گۆرانیبێژە نەکات، نەخاسمە ئەو گۆرانیبێژانەی تەمەنێکی دوور و درێژیان لەخزمەتی هونەری کوردی بەڕێکردووە و کاك بەختیاریش بە ئارەزووی خۆی دەیانکاتە گاڵتە جاری بەرنامەکەی، من پێشنیار دەکەم بۆ بەڕێوەبەری کەناڵی زاگرۆس tv و کاك بەختیار بەرنامەی ساتێك بۆ پێکەنین بە ڕوویەکی ترەوە نیشانی خەڵکی بدەن کە دوور بێت لە تەشهیر کردنی هونەرمەندان، بەڵکو ئەگەر لە توانایدا هەبوو لاسایی دەنگی هەر گۆرانیبێژێك بکاتەوە ئەوە ئازادە، بەڵام بەبێ تەشهیرکردنی ئەو هونەرمەندە و نوکتە گوتن لەسەری، چونکە هەموو نوکتەیەك شایەنی گوتن نییە لەسەر شاشە، سنوورێکیش بۆ نوکتەکانی ئەو بەرنامەیە دابنێت. هیوادارم کاك بەختیار ئەو ڕەخنەیەم بەدڵێکی فراوانەوە لێ وەربگریت، چونکە هیچ مەبەستێکم نییە تەنها ئاگادارکردنەوەیەتی لەهەندێك شوێنی ئەو بەرنامەیە.

Karzan_ma82@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.